رفيق حلمي

# پاش تموز





مطبعة الرأى العام - بغداد - ١٩٦٠

هەواڵنامەی کتێب

پاش ئەمووز

رفیق حلمي

# پاش تەموز

لە چاپخانەی « الرأی العام » چاپ کراوە

بەغدا : کانوونی دووەمی ١٩٦٠.



هەواڵنامەی کتێب

پیشەوای جمهووریەتی عیراق ، جمهووریەتی
کوردو عەرەب ، کاك « عبدالکریم قاسم » ی
خوشەویست



هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی « باش تەمووز »

رفیق حلمی

# پێشنیاری یێکی سەر گورشتاوی

لە تەمەنی بازە سالێدا ، کە هێشتا لە قوتابخانــــەی ناوەندی ئەمخوێند ، دەسم دابــووە شیعــر ووتن • بــە لام ئەوساکە خوێندن لە وولاتەکەمانا ، وە لە هەموو عیراقدا بە (تورکی) بوو ، بویە منیش بە تورکی شیعرم ئەهۆنی یەوە • چونکــە ئەبێ ڕاست بڕۆین ، کە هێشتــا بیری نیشتمــان و میللەت لەوێ بمینێ ، تەنانەت باسی هــەرچی شتێك کە بــە سیاسەتــەوە پەیوەستــی هــەبێ ، وە شتــێ کە ببێتــە هــۆی رووناکی مێشکمان لەم لایەنەوە ، ڕێی بــە بیری ئێمــەدا هاتنی نەزانی بوو وانەی دۆزی بوەوە • ئنجا دیارە کە ئەو شیعرانەی دەوری منالێم پڕیتی بوو لە لاسایی کردنەوەیکی ئەو شاعیرە تورکانە کە لەو سەردەمەدا ناویکیان هەبوو ، وە لە گوفارو نامیلکەکانی ئەو ڕوژانەدا بەر چاومان ئەکەوت وە ئەمانخوێندەوە • نەك من ، وە یا ئەوانەی کە ئەو ڕۆژە لە تەمەنی منا بوون ، تەنانەت شاعیری بەرزو ناوداری کورد ، عورفی بەگی (دیار بەکر) ی[1]، کە یەکێ بوو لە نیشتمان

---

([1]) لەو سالانەدا لە کەرکوك مودیری تەحــریرات بوو ، دوایی هاتە سلێمانی ، هەر بە مودیری ، وە لــــە لەوێ ناسیم •

پەروەرەکانی کورد ، وە خلوصی بتلیسی ، ( مودەعی عموومی ) ، یەکێ لە کوردە ناودارەکانی بتلیس ، هەر بە تورکی ئەیان نووسی‌و وشیعریان دا ئەنا • شیعرەکانی ئەو دەورەم ئەنارد بو ڕۆژنامە تاقانەکەی هەر سێ لیواکانی شیمال ،وانە ئەمنارد بۆ ڕۆژنامەی (حەوادث)کە لەکەرکورك بە زمانی تورکی دەر ئەچوو • ڕۆژانی دوایی شەڕی یەکەمی گیتی بوو ، بەهۆی کۆشش‌و تەقەلای خوا لێ خۆش بوو عورفی بەگەوە ، هەر لە کەرکووك گوڤاری ( تجدد ) ی نیو مانگیش هاتە دەرچوون • لەو گوڤارە دا ، کە دیسانەوە بە تورکی دەر ئەچوو ، وزور کەم دەوام بوو ، عورفی بەك ڕێی بیری کوردایەتی دەر ئەخست،منیش چەند بشیعریکم تیا بلاو کردەوە •

بەلام کە لە ئەستەمبوول بووم ، بە هۆی (نجم الدین حسینی ) برای ماموستا ( ئەنیری )ی کەر کووك‌و بوێژی نیشتمان پەروەری کورد ، لە قوتابی‌یە کوردەکانی خوێن گەرم‌و کورد دۆست نزیك کەوتبوومەوە ، وە چوو بوومە ریزی ئەوانەوە ، کە لە کۆمەڵەی قوتابیانی ( هیڤی ) یا نیشیان ئەکرد • لە ویدا بۆم دەرکەوت ،کە ئیمە بە تەواوی

له کاروان دوا کەوتبووین ، وه پێویستی سەر شانمان نەهاوتووه به بیرا • لێرەدا ماوەی باس لەوه زیاتر نی یه تەنیا ئەوەندە ئەڵێم : که لەو ڕۆژه بەدواوه ، تا توانیمو بۆم کرا ، وەکو کوردێکی ڕاستو خۆناسو بەشەرەف جووڵامەوه • بەڵام ، تا ماوەیێکی تر و له بەر ئەوه که شارەزا به نووسینی کوردی نەبووین ، وه یا پێی ڕا نه هاتبووین ، جگه لەمانەش به تایبەتی ، له بەر ئەوه که لەو دەمەدا ، هۆی بڵاو کردنەوەی نووسینی کوردی نەبوو ، وه یا به دەگمەن هەڵئەکەوت • ج منو ج خوێنەرە کوردەکانی تری ئەو ڕۆژه هەر به تورکی له سەر نووسینو شیعر ووتنەوه ڕۆیشتین، بەڵی شیعرەکان به تورکی بوون ، بەڵام من بەش به حاڵی خۆم قسه ئەکەم ، ئەو شیعرانەی که به تورکی دامئەنا هەمووی بۆ کورد بوو ، وه فەریادی کوردستانی تیا ئەبیسترا •

له ساڵی ١٩٢٣م به ناوی خوا لێ خۆش بوو شێخ مەحموودی زەعیمەوه (حوکمداری کوردستان) ، له ڕەواندز له گەڵ (عەلی شەفیق) بەگی تورکا که به (ئۆزدەمیر پاشا) ناوی دەر کردبوو ، بۆ مەسەلەی کوردستان گفتوگ

گومان ئەکرد ، من ، بتر لە ئەندامەکانی تری هەیئە کە(۱) تێکەڵاو بە قسە نەبووم ، وە قســـەکانی نوزدەمیرم بێ وەڵام نەئەهێشتەوی وە ، تەنگاوم ئەکرد ، ئنجا نوزدەمیر بۆ ئەوەی دەم کوتو بێ دەنگـــم بکا ووتی : رفیق حلمی ئاگــام لە شـــیعرە کانتـــە ، وە خوێندوومەتـــەوە ، لە بەر ئـــەوە ئەزانم ، کـــە لەگـــەڵ تۆ داریك کـــەوتمان زەحمـــەتە لێرەدا لەم باســـە مەبەســـی من ئەوەیـــە کەئەو شیعر انەی‌بە تو وکی دام ئەناو ئەمنووسی بۆ ئەوان ئەبوو • بەلکو ترکەکان زور تر لە رووی ئەو شیعرانەوە لە من زیز بوونو قینیان لیم ئەبووەوە • بەلام لە گەرمـەی حوکمـــی ئینگلیزەکان لە عیراقا ، واتە لە سالی ۱۹۲٤ ، بو ئەوە کە وەکو شیعر انەی بە تورکی دام ئەناو ئەمنووسی بۆ ئەوان ئەبوو • یادگار بمینیتەوە ، خستمە ژیر چاپەوە • هەندێ لە کوردە ئینگلیز خواکانی دوو روو ، وایان لە ساویلکەکان ئەگەیاند کە من شیعـری تـرکی بلاو ئەمـەوە ، لـە کاتیکا کـە

---

(۱) هەیئەتێکی تێکەڵاوی کوردو تورك لە رەواندز لای نوزدمیر کۆ بوو بووەوە ، وە منیش یەکێك لە ئەندامکەانی ئەو هەیئەتە بووم •

ئینگلیزەکانیش بەهۆی عەرەبە نۆکەرەکانی ئەو رۆژانەوە ، دەر بەدەریان کردم وبێ ئەوەی چوار ووشە عەرەبی بزانم دوو ساڵی رەبەق بە ناوی مامۆستای قوتابخانەوە ناردمیانە دێی ( مجر الكبير ) کە ئەکەوێتە خوار (عەمارە) وە • داوی چوونی من بۆ (مەجەر) ، شیعرەکانیشیان لە چاپخانە وەر گرتەوەو فەوتانیانو پارەی چاپ کردنیشی کەلە پێشـــەوە لێیان وەرگرتووەو قەرزم کرد بوو فەوتا ، داوی دوو ساڵ کە لە ( مجر الكبير) رزگارم بوو و هاتمـە بەغـدا ، ر[illegible] خەریکی تیپی کوردی چاپخانەکەی (النجاح)[1] ، بەریکەوت لە چاپخانـــە یەکـــی ترا تووشم هـات ، شتێکم لـــە ژێر چاپا بوو ، بە ناوەکەمـا منی بیـر کـەوتەوەو بـاسی شیعرەکانی بۆ گێرامەوە • چەند لاپەرەیێکی شیعرەکانم کە بە چاپکراوی لای مابوەوە ، ئەوانەشی ، بۆ رۆژی دووەم بۆ هێنامەوە ، وە تائیستا لام ماون ، بریارم داوە رۆژێك هەر لە چاپیان بدەمەوە • ئەمە باسی ئەو شیعرانە کە بە تورکی ، بەڵام لە دەروونی کوردیکی پاك وبێ فیلەوە دەرهاتوون و بۆ کورد نووسراو نەتەوە •

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) شیعرەکانم لەم چاپخانەیەدا خستبووە ژێر چاپەوە •

له بابەتی تریشەوە گەلی شیعری تورکی و کوردیم هەیە، بەلام جاری بیرم لەوانە نەکردوتەوە ، چەند سالێکیش داوی ئەمانە بە هوی ماموستایی ( ریاضیات ) لە قوبخانەکان ،بیرم لە شیعر ووتنەوە نەکردەوە ، تاکو تەرا شیعر یکیشم دانا بی ، لەم لاو ئەو لای دەفتەرو کتیبە کانما ماوەتەوە ، وە یا وون بووە . یەك دوو سالێکیش پێش شورشی پیروزی ١٤ی تەمووز ، لەگەل ئەوەی کە بە نووسینی هەندی لاپەرە دەربارەی کوردو یا شیعرو ئەدەبی کوردی ،چەند جارێکیش ،نازانم چون بە سەرما ئەهات،و شیعرم دائەنا .

ئنجا لەم روژانەدا کەوتمە سەر خەیالی لە چاپدانی ئەو چەند شیعرەو هەندێکی تر ،کە لە ١٤ی تەمووز بەم لاوە دامناون ، چونکە وام تەمایە ، بوچاپدانی(یادداشت)ەکەم تێ هەلچمەوە

هیوام وایە کە دوای لە چاپدانی ئەم شیعرانە بی ووچان چزمی حەوتەمی بخەمە ژیر چاپەوە .

بە راستی من بەش بە حالی خوم دان بەوە دا ئەنیم کە شورشی پیروزی ١٤ی تەمووز لە ئیمە کەلکێکی ئەوتوی ئەبینی . وە ئیمە بە پێی ئەو فرمانە کە ئەم شورشە مەزنە نخستویەتە ئەستومان ئەجوولاینەوەو نەکەوتینە کارەوە

•ئەو شورشە کە هەموو کەلکێکی لێ داوا ئەکەین و کەلیکی
لەو کەلکانەش پێ بەخشیوین و ئەیبەخشیت • ئنجا لە کاتێکا
کە هەست بەمە ئەکەم و خوم بە تاوانبار ئەبینم ، هەستێکی
تری دەروون ، لە بەر هەر شتێك هەیە ، هانم ئەدا بو بە ئەنجام
گەیاندنی (یادداشت)ەکەم ، بویە ویستم سستی ئەم بەینەی
رابردووم و تاوانباریم بەرامبەر بە شورش ، بەمە ، بە لـــە
چاپدانی ئەم چەند شیعرە بپوشم و لە بیر بەرمەوە • چونکە
ئەوە ئەزانم کە شورش بە تایبەتی بو ئیمە کوردەکان ، چی
کردووە و ئەیکات ، وە لەوە دا گـومان نابـەم کە هـەمـوو
کوردیکی دلسوز و نیشتمان پەروەر لـە کاتی دلـەوە بـو
پیشکەوتنی ئەم جمهووریەتە خوشەویستەی عیراق ، کە لە
پیش هەموو شتێکی ترا ، جمهووریەتی کوردو عەرەبـە ، تی
ئەکوشیت ، وە زمان و پینووس و بیروهیزی خوی بو ئازادی
ئەم (گەل)ە ئەبەزو مەردە ئەخاتە کارەوە ، بو گەلی عیراقی
١٤ی تەمووز ، کە لە ژیر پاریزگاری سەروکی هەرە گەورەو
ئازا (عبدالکریم قاسم)ی ئەبەردو دلیرا بووە بـە قـەلای

هەواڵنامەی کتێب

پاریزەری ئاشتی و ئاسایش، وەپیك هینەری یەکیەتی و برایەتی گەلانی دوژمنی ئیستیعمارو نوکەرەکانی .

**رفیق حلمی**

**« ئەندامی یەکیتـی ئەدیبانی عیراق »**

**بەغدا : ٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ م**

# پەســـەند

بە بێنووسی : معروف خزنـەدار
« ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عیراق »

هەمیشە گەردوون لە گەردش و سووڕانایە، بیرو باوەڕیش لە قاڵ بوونەو گۆڕانایە، هۆش و مێشکیش بە پێی هات و نەهاتی گەردوونەوە جوش و تالی ئەبان، ئەوە شادی و نا شادی دڵ، ئەوە کەبیتو زەوقی هونەرو نەتەوەی وولات ئەبزوێتەوە، ئەوە گەوهەرو مرواری هەست ئەخاتە رشتەی بیرو ئەیهۆنێتەوە .

ئا، ئەوەیە هۆ، کە هێزو تینی گۆڕانە ئەکەوێتە لەشی تێکۆشەری ئەبەزی شەست ساڵ تەمەنی وەکو زانای مەزن، ماموستا رفیق حلمی‌یەوە، کە خۆی لێ ئەبێ بە گەنجێکی بیست ساڵی، ئەوە سەر چاوەی خەیالی دێتە هەڵقوڵان و هەڵئەداتە هۆنینەوەی سروودی لاوانە، ئەوە دیوانی « یاش تەمووز » ئەهێنێتە بەرهەم .

هەر ئەوەیە، کەمنیش بەختیار ئەبم بە وەی ئەم دیوانەی بە



هەواڵنامەی کتێب

رولەی کوردستانی پاش تەمووز پیشکەش بکەم ،بەڵی بەوە بەختیار ئەبم ،چونکە قوتابی‌یکم لە قوتابیانی ئەو زانایە •

کەم کەس هەیە کە ماموستا رفیق حلمی نەناسی ، وە ماوای تیکوشانو هەوڵ دانــی ئــەو نــەزانی ، کــە لــە ریگای نەتەوە کەیا چــی کردووە !وا بزانم ئەوی ئەم تاقە هەلبەستەی ماموستای بیستبی کە ئەڵێ :

**کورد ئەوەند کوردن ، بە سەد شەیتان لە کوردی ناکـەون**
**ئیکە خەلقی بوجی بو خــوی دەردی سەر بــەیدا نــەکا**

بوی دەر ئەکەوی ،کە ماموستا لە خەباتی‌دا گەیبوەتە چی پلەیێك ،وەچون بیرو باوەریکی راستی بووەو لە ســەری روشتووە .بی گومان لیرەدا ،ئەو کوردایەتی‌یەی ماموستا ، بو کوردی ئەوی ،مەبەس لە کوردیکی نیشتمان پەروەری ئازادی خوازی دڵسوزی میللەتی کوردو مروڤایەتی‌یە •••بو دامەزراندنی جیهانیکی جوان ، بۆ مروڤیکی بە ختیار •

لە تاڤی گەنجی‌دا ،ژاری تاڵی دەســەلاتی زوردارانــەی عوسمانی چەشتووە ،جا بۆ ئەوەی کار بەدەستانی بەدبەخت تی‌بگەیینی ،لەزور پارچە هەڵبەستی‌دا ،بەتورکی دەنگــی فەریادی هەلبریوە •پاش ئەوەش ،کە تەمی غەمی عوسمانی لە ووڵات رەویوەتەوە ،وە هەوری شەوەزەنگی دەسەڵاتی

ئینگلیزی زور دارو داگیر کەرو نوکەرانی فەرمانیەری چل ساڵی رەبەق نەتەوەی وولاتی لە رۆژی ئازادی بێ بەهرە کرد، وە ماموستا زۆر بە دلسۆزانەو بە پەروشەوە خزمەتی گەلی کردوەو بیروباوەری خوی دەربریوە ، بەهەلبەست ،ئەدەب میژوو ، یادداشت ، وە بە هوش و بیرو کردەوەی ژیری •

لە گەرمەی هیرشە بی قولیە جانەوەرانەکەی بەریتانیاو فرەنسەو ئیسرائیل دا بو سەرمیسر ، بە بێ ترس بە هەموو سەر بلندی یەکەوە بیرو باوەری خوی دەربری ،بەرامبەر خەباتی مەردانەی گەلی میسرو کارە نایەسەندەکەی ئیدنەی بەریتانیا • ئەمە لە ساڵی ١٩٥٦ دا ، کە ئەم کارە بەهەموو مووچەخورێکی میری نە ئەکرا ،لەو کاتەدا •

جا ، ماموستا هەرچەندە نایەوێ بە شاعیریشی دابنێن ، وە لەگەل هەلبەستا ئەوەندە سەری خۆشی یە ، بەلام چونکە خاوەنی جەشگەیەکی بەرزە لەئەدەبدا جار جار هەر هەستی شاعری بزووتوە ، وە بەو پی یە ، بەری بیری خستوتە سەر لاپەرەی روزگار • بۆیەکە شیعرەکانی ماموستا ئەوەمان بۆدەر ئەخاکە بە راستی لە شعوور یەوە هەلقولاون ، واتا بۆ کوردی ووتومو خزمەتی کوردی پی کردووە •

ئومیدم وایە ئەم پیشکەشە بچووکەم لەگەڵ چەپکە گوڵی نەوازشتانما لە لایەن خویندەوارانی کـــوردەوە ، بەخەڵات وەربگیری ئەم جمهووریەتەنیشتمانیو دیموکراتیـیـەدا ، جمهووریەتی کوردو عەرەب ئەبە پیشەوایی کاك عبدالکریم قاسم .

**معروف خزنەدار**

**بەغدا : ١١ ی کـانوونی دووەمی ١٩٦٠**

# ١٤ی تەمووز

مژدە ! مژدەی چی ؟ مژدەی رزگاری •
رزگاری کێ ؟ گەل ! لە کێ ؟ زۆرداری •
لە جنگ زۆر داری و جەوری کار بەدەست •
کار بەدەستانی بێگانە پەرەست •
بەڵام وا شوکور حوکمی کۆنی پیس •
لە ١٤ی تەمووز درایە بەر لیس •

( قەسری رەحاب ) پێش رووخا ئاژانە
خراپە زێر بێ تەرمی شلغانە
ئەوانەش کوژران کە خوێنیان ئەمژی *
پڕ بە دەم بڵێین : سوپا هەر بژی !
* * *
موژدەکەت خۆشە بەڵام توو بی خوا
بەم کارەساتە کەی باوەڕ ئەکرا ؟
کەی باوەڕ ئەکرا بەم جۆرە بێ دەنگ
چەن ئەفسەرێکی ئەترس و ئازا
بچنە سەر کۆشك و لە پێشکەی نازا
وۆڵەی ئیستیعمار بەنە بەر تفەنگ *
* * *
لە شەوی ١٤ ی مانگی تەمووزا
خۆی ئامادە کرد فەیسەڵ بۆ سەفەر
بەڵام لە ناکاو شۆڕش هەڵگیرسا
ڕێی سەفەر گوررا بە ڕێگەی سەقەر

( عبدالاله ) ی فیرعەونی زەمان
کە بەزەبرو زەنك خەلقی ئەلەرزان
بە جورێ گوزرا ، وا لەت لەت کرا
تا کەلکی نەما لەگۆریش نەخرا •

* * *

زۆر کەس ئەیانووت ( نووری ) هەیەو بەس
بلیمە تێکە بێ وێنەو مانەند
کەچی زۆر سەیرە تا ئیمرۆ هیچ کەس
وەکو بەویان کرد نەکراو بە بەند •
نە کۆشکی ئاسن ، نە ( حیلف ) ی بەغدا
نە تۆپ و چەکی پۆلای ئەمریکا
بە کەلکی نەهات ئەوسانەی کەوا
( سندان ) ی خوایی لەبن دەسی دا •

* * *



دانەری ئەم نامیلکەیە لەخزمەت
شیخ محمودی زەعیمدا لەناصریة
١٩٢٨

# بۆ گیانی پاکی شێخ مەحموودی نەمر

« بۆ کاکە کامەرانی شاعیر »

کامەران گیان ! کامەران بی

بۆ ئەو ( شێن ) ە زۆر بەسۆزەت

ڕا بەری گەلی کوردان بی

بەو ( پێنووس ) ە زۆر پیرۆزەت

بەڵام گیانە باش بزانە

بە هەڵە چووی بەو شیعرانە

( شیخ محمود ) ی گەورەی کوردان

هەر زندووە لە کوردستان

ئەڵێن مردووە ، نەمردووە .
ئاخۆ بۆ کوێ‌یان بردووە ؟

* * *

کەوا بوو ئەم شینەت لەچی
ئەکەی تۆ ، بە هەڵە ئەچی
شێخ محمود ئەو پێتوو بمرێ .
تۆڵەی کوردان چۆن ئەسەنرێ ؟

* * *

کامەرانی زیرو ووریا
بوێری بێ ترس‌و ریا
پێنووسێ وا بە دەستەوە
مردوو زندوو ئەکاتەوە
( لاو ) چەکداریێ بەم هەستەوە
کورد بە ئامانج ئەگاتەوە

بلێ ، بنووسە ، بخوێنە

گیان تاقە یەك دلۆپ خوێنە

بۆ بیبەخشین بەنیشتمان

ئەگەین بە ئامانج بێ گومان

* * *

کامەران ! هێشتا کوربەی تۆ

یەزدان ئاگای لێ بێ تا سەر

سەر دەمێ ئەم وولاتەی تۆ

خوێنی تیا ئەرژا سەرانسەر

ئەزانی بۆچ ؟ بۆ کوردستان

شێخ محمود ، کوردی هەڵئەستان !

* * *

ئەو قارەمانە ، ئەو شێرە

قەت خوا نەکا کەم بێ لێرە



هەواڵنامەی کتێب

چەن جار ،گلا ، چەن جاریان کوشـــت
کەچی نەمرد ، نەمری کـــورد
جاری وابوو ، ووردو درشت
پشتی تێ کەن ، ئەو لێ نەبورد

* * *

پلنگێکی دەوری خۆی بوو
خۆی ڕا ئەگرت لەبەر تیرا
بەڵام هەر جۆنێ بوو ، بۆی بوو
لە دووا رۆژا بە دیل گیرا

* * *

ئەڵێن دووای مردنیش کونتیان
کوردان بەمە شکا پشتیان
بەڵام ئەنگە گریان بۆ کورد
فرمێسك هەر بۆ هەزار ئەشێ

ئامادە بێن دڕشت و وورد
هەر وەر ئەگرێت کوردیش بە شێ
* * *

کاتێ گەیشتن بە ئامانج
لە جێی دیاری لە باتی تاج
ئالای کورد بەرنە سەر قەبری
بەو جۆرە سابگرن قەدری
* * *

ئەوسا ئیتر خوا هەڵناگرێ
فرمێسک ڕژاندن جێ ئەگرێ
چونکە ئەو قەبرە پیرۆزە
زیارەت ئەکرێت هەر بەم تەرزە!

هەواڵنامەی کتێب

# غەقڵ تیاکوڵە

جی‌یەو چۆن وەستاوە ئەم ئاسمانە شینە ؟

سەرم تیا سوور ماوە ئەم زەریا دێرینـــە

هەندێ ئەڵێن هەیە ، هەندێکیش سەر گەردان

گەلێکیش هەر بێ بەڵگە ئەڵێن : کە زانـــان

ئەم بوونە و نەبوونە ، بێ بوونی ( دوورسکەر )

مێشکی چ زانایە تێی ئەگا سەرانسەر ؟

مێشکی چ زانایێك لەم کەونە تێ ئەگا ؟

لە کاتێکا کە ( زەرزە ) ئەم کارەی پێ ئەکا .

نەبەرزەو نە نزمە ، نە پانەو نە درێژ

هەستی‌یەکی سەیرە ، سەرتی تیا ئەبێ گێژ

هەستی ، چۆن هەستی‌یەك ؟ قەت نایەتە پێوان

کەتیایەتی هەزاران گێتی گەورەو یان

لە ناو نەبووندا ، بوونی ئەم گێتی‌یانە

بە لای تۆوە ئاخۆ وەك من سەیرە یانە ؟

چۆن بڵێم کە وەستاوە ئەم کەونە بێ ستوون ؟

ئەی چۆن بڵێم ستووندارە ( کەونێکی نەبوون )

کێ بوو دورستی کردو ، کەی دەستی پێ کرد ؟

تاکوێ درێژ ئەبێتەوەو ، کێ هەستی پێ کرد

کەی لە ناوی ئەباو ، ئەی بۆ کوێی ئەنێرێ ؟

کارێکی گرنگی‌وا کەی‌و چۆن ئەزانرێ ؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەم ( کەون ) ەی ئەیبینین لەسەر هیچ دانراوە

بەلام چۆن ( هیچیکە ؟ ) بە کەس نەزانراوە

سەیرێکی زۆر سەیرە ، سینەمای ناگاتێ

کەی بێ پەردە سینەما ، گەڕاوە کاتێ ؟

خالقی ئەم کەونە ، خۆی لەم کەونە دایە

سەرسامیی زانایان ئێنجا لێرەدایە

خۆی داگیرکەری ( کەون ) و دانیشتووی عەرشە

بۆ خۆی دورست نەکردایە ، دەبا ئەمحەوشە

* * *

من ئەوەم لا سەیرە کە عەقلەکەین (١) بەحەکەم

بۆ شتێ کەتێی ناگەین ، نە زۆرو نە کەم

عەقلی من ، کە ئەڵێم جوزئیکم لەم ( کەون ) ە

جۆن لە (کل) تێئەگا ؟ کە (کول) بێ بەم لەونە ؟

ئایا من لەخۆم هێنتا ، توانیومە تێبگەم ؟

کە پێم بکرێو لافی زانایی لێ بدەم ؟

---

(١) عەقلەکەین : عەقل نەکەین •

# چۆن نەڵێی کوردم ؟

هەزارنامەی کتێب

بێچوە شێری کورد ! بەسیەتی نوستن
رابەڕەو بگرمێنە ، با هەموو بێستن .
ڕۆژلە ئاسۆوە دەرکەوت شەوەزەنگ
پێشەی بە جێ هێشت ، کەوتینە دەرەنگ
با دەس بەینە چەك ، چەکی کوردانە
ڕۆژێکەو ئیمڕۆ ڕۆژی مەردانە

تاکەی هەر دیلو هەر ژیانی رەش
تاکەی هەر دوژمن بگرینە باوەش ؟
تاکەی لە کۆتەو زنجیرا نالین ؟
خاکی بەر پێی خەلك ، تاکەی بمالین ؟
تاکەی بی عاری ، نەنگی ، مل شۆری ؟
ئەبێ ئەم ژینە ، ئیتر بگوریی !
کە کۆتەت لە مل ، زنجیرت لەپێ
بووی بە نۆکەری ئاغای بێدەربێ
چۆن ئەلێی کوردم ، من پالەوانم ؟
چۆن کەووتیان ( ماد ) ، ئەلێی لەوانم ؟
چۆن ئەلێی منیش کوردم ؟ نەبەردم
چۆن ئەلێی هەرگیز نابەزم مەردم ؟
بە کەلکی جی دێی ، چۆن عارەق ناکەی ؟
حەیف تی بە کورد بیو ، لە مردن راکەی ؟

بەسیە سا چاوێ بگێرە تو خوا !

لە سامانی کورد ، چیت لە دەستا ما ؟

ئایا گەلی کورد بە دیلی خولقا ؟

کەوا ریسوا بێ ، هەر لە ناو خەلقا

تاکەی بێ بەش بین ، لە سەر بە خۆیی

خەریك بین لەگەڵ کرمی ناوخۆیی

من لام وایە ئەو رۆژ ئەبێتەوە

سەر بەخۆیی کورد هەر ئەژیتەوە

ناڵەی تفەنگی گەلی سەربەخۆ

ئەزرنگێتەوە دیسان لە ئاسۆ !

کوردستان ئەبێ بەخاکی کوردان

لێی دەر ئەهێنرێ تۆوی نامەردان

هەڵ ئەکرێتەوە ئاڵای پیروزی

لە بورجو باروی کێوانی بەرزی



هەواڵنامەی کتێب

بەخوڕ دێتە خوار ، تافگەی ئاوی زیو

ئەڕژێتەوە ناو دۆڵی کپ و شیو

خاکی پیرۆزی کوردستانی جوان

ئەبووژێتەوە بە ( دجلە ) و ( سیروان )

بەفراوی کانگەی کێوان ئەنوێنێ

بە رەیحانەو ( گوڵ ) رووی خۆی ئەپۆشێ

گوڵاڵە سوورەی قەد بەرزو بڕاو

کڕنووش ئەباتە بەر خوێنی رژاو .

دوور نی یە رۆژێ کە کوردو عەرەب

بۆ جمهووریەت لەب بدەن لە لەب (١)

---

**(١)** ئەم شیعرانە کەلە ٦ ی تەمووزی **١٩٥٨** واتا چەن رۆژێك لە پێش شۆرشدا دانراوە .. بەڵگەیێکە بۆ ئەوە کە کورد ، لەگەل برا عەرەبە کانیانا بەرامبەر بە ئیستیعمارو نۆکەرەکانی پێکەوە تێ ئەکۆشان و بەربەرەکانی ی حوکمی بۆگەنی پێشوویان ئەکرد ..

درەختی شاهی بڕزێتەوە

ناوی ئیستیعمار بسڕێتەوە

بوو گەلی برا ، ئاڵای رزگاری

هەڵکەن ، بڕۆخێ حوکمی زۆرداری

ئەمە ئامانجی منە تاماوم

وەمن خۆی ناوی ( کورد ) ی لێ ناوم

هەواڵنامەی کتێب

# داری ناکۆکی لەبنداهەڵکەنن

کاری کوردان چۆن ئەچێتە سەر هەتا کو سەر نەبێ ؟

دوو مەڵی ناکۆکی کاری خۆی ئەکا تا دەر نەبێ •

ئەو کەسەی یەك خستنی گەل بێ بناغەی باوەڕی

دیارە ئەیزانی کە ئاغا نابێ تانۆکەر نەبێ •

ئیمرۆ ڕۆژی هەوڵو تێ کۆشانە نابێ بسرەوین

سەختە ڕزگاری لە دوژمن ، لاوی گەل بەروەر نەبێ •

کەلکی راستی ناگری تەنیا ووشەو شیعرو ئەدەب

تا چەکی (ئیمانی میللی)و(١) دەستی سەر خەنجەر نەبێ

پشت بەبێ هێزی مەبەستی با مەبەستان شەڕ نەبێ

ئاشتی سەرناگرێ تا هێزی رۆژی شەر نەبێ •

دوژمنی کورد زۆرە حتی بێتو یەکین هەر کەمە

چاری ناکۆکی ئەکا کوردی ئەگەر بێو کەر نەبێ •

لاوەکانی خۆشەویستی قەومی کورد ! سا رابەرن

کاتی تێکۆشانو هەوڵە بەڵەمیش تێبەر نەبێ •

**( داری ناکوکی لە بندا هەلکەنن )** تووری بدەن

ئێوە ئاوی ئەو درەختانە بدەن بێ بەر نەبێ

چۆن ئەپارێزرێ لە تیری دوژمنی خوێنی کورد ؟

تا لە دەوری نیشتمانا سنگی تۆ سەنگەر نەبێ •

باڵەوان ئەو لاوەیە خۆی بەخت ئەکا بۆ سوودی گەل

---

(١) ئیمانی میللیو ئەخوێنرێتەوە •

هەواڵنامەی کتێب

گوێت لەمن بێ گوێت لە باسی ڕوستەم وعەنتەر نەبێ
تاکو ئەتوانی خەریکی چاکە بەو کرداری باش

لاوی چەرخی بیستەمی تۆ ، کردەوەت بێ فەڕ نەبێ
بێ هەوا، کەم دوو، لە سەر خۆ، زیرو هێمن، گەل پەرست

رابەرت ویژدانی پاکت ، دەنگی زیوو زەر نەبێ
وا بزانم ڕۆژێ باسی مافی کورد ئەکرێتەوە

خوا بکا ئەو ڕۆژە گورگی گەر بە شوانی مەڕ نەبێ

هەواڵنامەی کتێب

# بە بۆنەی شۆڕشی مەزنی ١٤ای تەمووزەوە

کوردەکان ! هەستن بە جارێ ئیمڕۆ رۆژی خزمەتە
مل لە کۆتە و دەس لە زنجیرا نەماوێ فرسەتە .
رۆژی ئازادی هەلاتو ، وا بە سەر چوو رۆژی رەش
بێنوو ووریا بین ، لە دەس ناچێ ئیتر ئەم نیعمەتە
ساڵەها بوو گەل لە ژێر بێوەندو کۆتەی دیلیا
بیری رزگاری نەما ، راهاتبوو بەم زیللەتە

ئەو کەسانەی ناوی خۆیان نابوو دەستەی حاکمان

قەت نەیانزانی کە قەومێ کوشتنی زۆر زەحمەتە

کەس نەما نەیزانێ ( نووری ) دوژمنی ئەم قەومەیە

حیلفی بەغدای وەك تەڵە دانابوو بۆ ئەم میللەتە

حەق بە دەس بوون ئەو کەسانەی دەوری (پاشا !)یان ئەدا

زۆری کێشا دەوری ( بەرقییات ) و دەوری ( مەزبەتە ) •

خوا شوکر ، ئیتر سوپا ئازانە دەستی دایە چەك ؟

قەسری شا ، خۆی ڕانەگرت ساتێ لە بەر ئەم هەڵمەتە •

لەشکری جاسووس لە ناو چوون ، (حیلفی) بەغدا هەڵوەشا

هەر بەچاو نووقانێ چوون رووخان ئەمانە حیرەتە •

شۆرشێ بەرپاکرا راستت ئەوێ وێنەی نی‌یە •

خۆزگە ئەت دیی (عەبدی‌خوا) ئەو ڕۆژە چەن بێ‌حورمەتە

داخ لە دڵ‌بوون گەل بەرامبەر جێ‌نوشینی سەڵتەنەت

بۆیە تفیان لێ ئەکرد ئەو تەرمە پیسە لەت لەتە •

هەر کەسێ ئیسکاڵی هونی بێ ، لە بیری ناچێ قەت
باسی ئەنجامی (وەزیری گەورە !) ئەو بێ غیرەتە .
من سەرم سوورِ ماوە ئێستەش ماوە بێ مەغزانیی وا
هەر ئەڵێن ( نووری سەعید ) ڕاگرتبوو ئەم دەوڵەتە
زاهری وابوو ، کە جەیشی وا لە دەستا ، وەك کوتەك
ئەی ئەزانی پچوە شێرێ ، وا خەریکی هەڵمەتە
تۆ ئەگەر راست ئەوێ ، یارانی نامەردانی خۆی
هێندە فوویان پیا ئەکرد ، تا بوون بە هۆی ئەوغەفلەتە
چونکە کەرروومی(١)و ئەوان کێ بوون کە(پاشا)ی پایەبەرز
بێ بە دڵیا ڕۆژێ ڕەنك بێ بینەهۆی ئەم مەینەتە .
نایەوێ ئێتر بڵێم ، زوڵمێ ئەما ئەیکەن لە خەڵك
تۆڵەیەکی هەر ئەسەن خوا ، چونکە کانی ڕەحمەتە

---

(١) ( کەرروومی ) ناوێکە ، ئەڵێن « نووری سەعید » ، لەڕووی باوەڕ پێ کردن و خۆشەویستییەوە خوی ، لـــە ( عبدالکریم قاسم ) ی سەروکی خۆشەویست و بەڕێزی نابوو ..

ئەو کەسەی وابێ بە دنیا ، زاڵمانی دەوری کۆن
ئێکە بەسیانە سزا ، خۆی موستەحەققی لەعنەتە

# بەبۆنەی بیرەوەری ساڵی یەکەمی ١٤ی تەموزی پیروزەوە

بەیانی‌یێك لە خەو هەستام

خەوم دیبوو خەوی بەسام

لە بر ووتیان ( وەسی ) کوژرا

سەرم سوڕ ما ، هەر حەپەسام

فەرە (١) ی کوڕم هەڵ ئەبەڕی

ئەیوت بەغدا وروژاوە
ئاڵای شۆڕش هەڵکراوە

رادیۆ بێنن کات تێ ئەپەڕی

دەنگێکی خۆش وەك دەنگی مەل
ئێستەش لە گوێما باقی یە

بە ئاشکرا ئەیوت : « هونەل
جمهووریەل عراقیە » (٢)

ئۆخ چەن شیرین بوو ئەو دەنگە

---

(١) ئەم شیعرانە کەلە ترکیا (ئەستەمووڵ) مولحەقی سەقافی جمهوریەتی عیراق بووم ، بە بۆنـــەی یادی رابوردنی ساڵێکی تەواو بە سەر شۆرشی ١٤ تەمووزا ناردبووم بـــۆ عیراق کە لەو رۆژەدا لە ئێسگەی بەغدا بخوێنرێتەوە . هەر چەن خۆم لەترکیاوە گوێم لێ تەبوو ، بەڵام ووتیـــان کە بەیانی رۆژی ١٤ تەمووز لە بەشی کوردی ئێسگەوە خوانراوەتەوە .

( ٢ ) هنا الجمهورية العراقية

دەنگی ئیسگەی چواردەی تەمووز
ئەلێم ساڵ دوازە مانگ خۆزگە
تەمووز ئەبوو ، بەلێ تەمووز !
جمهووریەت ، کە گەل هەموو
بۆ ئەم ئامانجە بەرزە بوو
ساڵەهای ساڵ ووردو درشت
خوێنی گەنجو گەشی ئەڕشت
قوتابی ، مامۆستا، ئەفسەر
گەلی عیراق پاکی یەکسەر
بەشەو ، بە ڕۆژ ، بە بێ ووچان
تۆوی شۆڕشیان بۆ ئەچان !
نووری سەعیدی ( جوانە مەرك ؟ )
وای ئەزانی ( حیلفی بە غا )
ئیستعمارو دەستەی ئاغا
ڕێ نادەن پەتکرێ وەك سەك .

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام گەلی ئازای عیراق
ئاغای نەهێشت ، حیلفی دڕاند
خەوی ، ئیستعماری زڕاند
خۆی بوو بە ئاغای بێ نیفاق
مەحکەمەی گەل زوو دامەزرا
بۆ نۆکەرانی ئیستیعمار
دەستووری تازە دانرا •
حوکمێکی شەعبی کەوتە کار •
زنجیر لە پێی مەزلوم دەرات
خرایە پێی تاوان باران
وەزیری کۆن ، وای بە سەر هات
بوو بە بەندی کرێکاران •
جووتیار خۆی بوو بە خێوی عەرز
کرێکار بوو بە خاوەن کار

هەموو چون یەك ناو چەوان بەرز
نە ( پاشا ) ما ، نەما ، خونکار •
ئیتر گەلی چاو کراوە
ڕەش و سپی لە بەر چاوە
خۆی مافی خۆی ئەپارێزیت
کە دووای شۆرش دەسخراوە
( نەقابات ) و ( مونەززەمات )
( موقاوەمەی شەعبی ) ی ئەبەرد
لەگەڵ سوپای ( کریم ) ی مەرد
عیراق بەرەو ژیان ئەبات •
داخم ناچێ بۆ ئەوانە •
کە ئەفرەیان ئەدا دەستی
دوژمنی دین و بیگانە •
بۆ ئەوەی ببنە هۆی بەستی •

هەر چەن ئەکەم ڕێی بێ نابەم
( ناصر ) بوچ وا بە چەشنی هار
بە دەس ، بەدەم ، من تێی ناکەم
بۆچ لە ئێمە ئەگرێ بلار ؟
خۆ ( جەزائر ) لە بەر چاوە
فەرنسە چی بە سەر دێنێ
ئەبوو ( ناصر ) هەتا ماوە
ریشەی فەرەنك لەبن بێنێ
فەلەستینی زۆر دەسی چوو
بەهۆی کێو چۆن لەدەس‌دەر چوو ؟
ئیستە ( ناصر ) کەس نەما بوو
عیراق نەبێ ؟ بە گژیا چوو ؟
فەرەنسەو جوو لەگەڵ ئینگلیز
کە بوون بە یەك ، کە هاتە ریز

گەلی عیراق چی مانە بکەن ؟

بو رزگاری‌ی ( میسر ) ی بەریز .

چەن قوتابی ، چەن لاوی جوان ؟

لە ژیر داراپسا ، کوژرا

بو ( میسر ) بوو ، خوینی گەنیان

کە بە (زەرووی ئینگلیز ) مژرا

ئیستە ( ناصر ) قارەمانە

هیرش دینێ ، عیراق ئەگرێ

لە سەر سەرمانەوە ئەفرێ

سەری عبدالکریم ئەبرێ !

هەنی بە سەر بە خواکەرە

دولار سەیری بەسەر هینا

عارەب نی‌یە ئەم بێ فەرە

بۆیە وا پیسی دەرهینا .

هەواڵنامەی کتێب

ئیستعماریش نەیبردە سەر

دۆلاری چوو ، ناوی زڕا

دەستەی نۆکەر ەخائن یەکسەر

پەردەی حەیاو شەرمی دڕا

ئیمرۆ ، وا ١٤ ی تەمووزە

شایی گەلەو جمهووریەت

هەستە سەر پێ ، دەس لەناو دەست

بۆ کورد ئیمڕۆش هەر نەورۆزە •

١٤ ی تەمووز جەژنی کوردە

جەژنێکە جەژنی خۆکردە

مانای ئەمە گەلێ وردە

تا نووسرێ بەم دەس و بردە •

کوردو عەرەب ئیتر بران

شێر بەدستو تفەنك بەشان

جمهووریەت ئەپارێزن

لە نۆکەران ، لە دوژمنان

عبدالکریمی پاڵەوان

بەوێنەی ڕۆستەمی زەمان

ڕیشەی ( شا ) یی لەبن هەڵکەن

قەڵای ئیستعماری ڕووخان

سا هەر بژی عبدالکریم

قارەمانی کوردو عەرەب

بژی بژی ! عبدالکریم

بژی ڕۆژی خۆشیو ئەدەب

بەرگی کوردی ئەخشێن لە بەر

جەبکە کۆڵیان وەک تاجی سەر

پۆل پۆل کچان با دەر پەڕن

لە خۆشی ( ثەورە ) هەڵبەڕن

تا خۆین بکا هاژە بە تاو

بۆ سەر مێشکو بیبیلەی چاو

ئێمەش هەموو دەس بەینە چەك

دوژمن پەت کەین بە جەستەی سەك

ڕۆژی گەلە ١٤ ی تەمووز

دەمی بەزمەو ئازادی یە

ئەمێش ڕۆژێکە وەك نەورۆز

دووا هاتنی بێ دادی یە

دەمی بیسی بێگانە بوو

هۆی ناکۆکی ، دوو دڵەتی

ئیمرۆ کە تۆی لەگەڵ نەبوو

بڕوانە کێ لە گەڵەتی ؟

خەیاڵی خاوە ئیستیعمار

بۆ ( نۆکەر ) ی تر بگەڕێ

دۆلار نرخی شکا یەکجار

( دەلەس ) لە گۆڕا هەڵدڕی

جمهوریەت ، دیموکراسی

ڕێگەی ڕاستی بە گەل ناسی

ئیتر بە ( سەگی جرتاوا )

پاس ناکرێ ( کونەماسی )

کوردو عەرەبستا بەبێ خەم

بچرنکێنن بڕ بە بەڵدەم

بڵێن ( عبدالکریم ) بژی !

بژی ، بژی ، بژی ، بژی !..



هەواڵنامەی کتێب

# شاژن

# La Sultane

شا ژن بە جوانیو بە وورشە
تیسك سووك وەك بووکە شووشە
زنجیر یەندی ئەشکەوتی دێو
بۆی هەلکەوێ ئەداتە کێو !

---

( ١ ) ( لە کۆفـــاری Letresor des lettres
وەرگیراوە وبەهەندێ دەسکاری‌یەوە کراوە بە کوردی •

رفیق حلمي

وەك تیشكی رۆژ ، لە كەلەبەر
لە كۆشكی شای پڕ لە سێبەر
دوورە لە چاوی بێگانە
لە وێنەی خۆشی سڵ ئەكا
وەك گەوهەرێكی شەو چرا
كە دەركەوێ لە ئاوێنە •

لە ناو ئاوریشما برخە برخ
لەتەختی وەك بێشكەی شیرین
ئەنوێ • وەك مرواری بە نرخ
خرابێتە قوتووی زێرین •

شا ژن لە حەوزا خۆی ئەشوا
چەن جوانە ئەو لەش و لارە
شەو تاریكە بەڵام دیسان
وەكو مانگی چواردە دیارە •

مەمکی قوتی سەر سنگی بان
کە جارێ شیر تێی نەزاوە
وەك دوو لیمۆی بە هەشتی جوان
ئەڵێی دەسی لێ نەدراوە

ئەو بەیکەرە ، ئەو لەش جوانە
ئەو لیوۆ ئاڵەی قۆ بەخشانە
گای لێلێ وا دەر ئەخا
ئەتۆێتەوە لە ناو داخا

رووی کردۆتە ئاسۆی وۆلات
چاو ئەگێرێ بە چوار لادا
وا دیارە ، دڵ بەکەس نادا
مۆلکی دنیای بکری خەڵات .

بە شەو خەوی پڕ لە ئامانج
فێنکی ئەدا بە هەستی ئەو
ڕۆژێ ، دوایی دێ بەستی ئەو
ڕزگار ئەبێ لە خاوەن تاج

وەك گوڵێکی باخی بەهەشت
لە ڕەنگو بۆن هاتۆتە ناو
نازی کچی کوردی سەردەشت
بێ قاسپەی کەو ، بێ بەفرو ناو

ئەمەن کورتە ژنی شیرین
بۆنی گوڵە ژیانی ئەو
لەش ناسکە وەك یاسەمین
گۆرانییە گریانی ئەو

هەواڵنامەی کتێب

لەئاسۆی خۆرەلاتی دوور
لە جەنگەلی چڕو تاریك
بە چاوی دڵ بەدی ئەکرد
لە ڕێو بانی تەسکو تاریك
پشکۆی ئاگر ، وەك گوڵی سوور

شازن بەرەو نیشتمان چوو بوو
لە ناو شەپۆلی خەیالا
لە ناکاوا ( شا ) ، پەیا بوو
وەك ئەژدەهای ڕەش تێی ئالا

شا ژن ، جەشنی کچی زڕ دایك
لە دەس بە ختی خۆی ئەگریا
بێزار بوو بوو ، لە کۆشکی شا
خۆزگەی ئەبرد ، بێ بە خاك

کوردی ( ئێران ) ئیمڕۆ هەڵدێ (١)
خوێنی بە بێ تاوان ئەڕژێ
بەڵام هیچ دوور نی یە ڕۆژێ
١٤ ی تەمووز ، لەویش هە لبێ !

**رفیق حلمی**

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ئەم چوار خشتەکی یە لە لایەن خۆمەوە خراوەتە سەرێ ••

خوێنەرە بەڕێزەکان !

ئەمچەن لاپەڕە بچووکەی ئەیخوێنیتەوە نزیکــەی دوومانگە لەچاپخانەدایە • لەگەڵ ئەوەشا کەئەم ماوە زۆرەی خایاند جونکە خۆم لەدەرەوە ، لە دیوانیــــە وئەوناوە بووم گەلێ کەموکورتی ونارێــکی تیائەبینرێت • خـــوا هەڵناگرێ کاك ( معروف خزنەدار ) زۆری پێوە مانــدوو بوو •کەچی هەرلە پێشنیاری یەکەدا چەن هەڵەیەك وهەندێ باش وپێشی تیایە • لەبەر ئەوە ویستم دەس لەچاپ کردنی هەڵگرم • بەڵام ئەوەش نەکرا •

کەوابوو ڕووئەکەمەوە ئێوە وداوای بەخشینتان لێ ئەکـەم وتەنیاهەڵەکانی پێشنیاری یەکــــە ئەخەمە بەرچـاوی لێ بووردنتان •••

**رفیق حلمی**
**٢٨-٢-٩٦٠**

**٤٦٩-١٧-١ بستان الخس**
**بەغــدا**

ئەمە هەڵەکانە :

| لاپەڕە | دێـــر | چـــەوت | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ٩ | ١٨ | لە لەوی | لەوێ |
| ١٠ | ١١ | منیشی | منیش |
| ١٠ | ١٢ | بشیعریکم | شیعریکم |
| ١٢ | ١ | هەئیەکە | هەیئەتەکە |
| ١٢ | ٣ | نەئەهێنتەوی وە | نەئەهێنتەوە |
| ١٢ | ٨ | تووکی | تورکی |
| ١٢ | ١٢ | شیعرانەی | ئەوشیعرانەی |
| ١٢ | ١٢ | بوئەواز نەبوو | —— |
| ١٢ | ١٣ | یادگار بمینیتەوەو ئەفەوتێ | وە بەیادگار بمینیتەوە |
| ١٢ | ١٥ | بلاو ئەمەوە | بلاو ئەکەمەوە |
| ١٣ | ٤ | داوی | دوای |
| ١٣ | ٧ | داوی | دوای |
| ١٤ | ٢ | داوی | دوای |

هەواڵنامەی کتێب

چاپکراوەکانی نووسەر :

١ ـ جوغرافیای پولی چوارەم لەعەرەبی‌یەوە کـــراوە بەکوردی

٢ ـ خولاسەی مەسەلەی کورد لە فەرەنسزیەوە کـــراوە بەکوردی

٣ ـ الاکراد بەعەرەبی دانراوە .

٤ ـ نامیلکەی کومەڵایەتی لەتورکی‌یەوە کراوە بەکوردی

٥ ـ کورد مسئلە سی صفحاتندن بەتورکی دانراوە

٦ ـ شعر وئەدەبیاتی کوردی بەکوردی دانراوە

٧ ـ دراسة فی الشعر الکردی لەفەرەنسزیەوە کراوەبەعەرەبی

٨ ـ مقالات لەتورکی‌یەوە کراوە بەعەرەبی

٩ ـ شعروئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەم بەکوردی دانراوە

١٠ ـ یادداشت ٦ بەرگە بەکوردی دانراوە .

١١ ـ عیلمی ژمارە بەکوردی دانراوە

جگەلەمانە ، ( رووستەم ) کە رووما‌نیکە ولەتورکی‌یەوە کراوە بەکوردی و دیوانی شیعری نووسەر کەبەتورکی‌یـــە لەدەوری کۆندا لەچاپ دراون ، بەڵام لەلایەن حکومـــەتی ئەوروژەوە لەچاپخانە وەرگیراونەتەوە ولەناو دراون . لەلای نووسەر لەهەریـــەکە یان تاقە ژمارەیەکـــی نانەواویان ماوەتەوە .

دوای ئەم نامیلکەیە هیوام
وایە بەرگی حەوتەمی یادداشت
بخەمە ژێر چاپەوە

نرخی ــ ١٠٠ فلسە

طبع الغلاف بمطبعة البرق

هەواڵنامەی کتێب